

# کێک بە فستق بۆ شەوانی ڕەمەزان

شەوانی ڕەمەزان دوور و درێژە، ئەگەرچی لە بەربانگەوە بەهۆی گەرماوە، زیاتر ئاو و شەربەت دەخورێتەوە، خۆ تا پارشێویش ناکرێت هیچ نەخۆیت، جارانیش بەر لە ڕەمەزان، زیاتر شەوچەرە هەبوون، بەڵام ئێستا دەکرێ لە شەوانی ڕەمەزاندا کێك و شەربەت نۆش بکەین، با خانمانیش دەستڕەنگین بن و خۆیان خۆشەویستتر بکەن، بەتایبەت ئەگەر بتوانن کێکێکی خۆش و بەتام دروست بکەن و لە شەوانی ڕەمەزاندا پێشکەشی ئەندامانی خێزان و میوانانی خۆیان بکەن.
بەمجۆرە کێك بە فستق دروست بکەن، کە جۆرە کێکێکە لە تامخۆشیدا نایابە:

کەرەستەکان :


١ کوپ کەرە / نیو کوپ ئارد و نیو کوپ شیر /١کوپ فستقی هاڕراو/ ١کوپ شەکر و ١کەوچك ڤانێلا / ١کەوچك پیکی پاودەر و ٢ هێلکە

ڕێگەی دروست کردن :


- سەرەتا هەموو کەرەستە وشکەکان لە ناو جامێکی قوڵدا جوان تێکەڵ بکەو پاشان لەگەڵ شیرو ڤانێلاو کەرە تێکەڵیان بکە.
- قاڵبی کێکەکەت بهێنە و کەمێك چەوری بکە، گیراوەکە بکە ناوی تا ئامادە بێت بۆ برژاندن، پاشان بۆ ناو فڕنی ١٧٥ پلە بۆ ماوەی (٢٥) تا(٤٠) خولەك بەردەوام بێت.
- لە کۆتاییدا دەتوانی فستقی پاك بخەیە سەر کێکەکە، کە دەتوانی بە ساردی لەگەڵ چاو شەربەت و ئایسکرێم پێشکەشی میوانان و ئەندامانی خێزانەکەتی بکەیت.

# بازنی شووشە و کریستاڵ

ئێکســـوارەکان جوانن، بەتایبەت کاتێك لە دەست و مەچەکت دەبن، بە بریق و باقن و ســـەرنجی هەمووان رادەکێشـــێت، تۆش ئەگەر دەتەوێ دەست و مەچەکت جوان و رازاوە بن، بازن و مەچەکبەندی جۆراوجۆر لە دەست بکە، هەمیشە ئێکسسوارەکانی دەست جێگەی سەرنجن، چونکە لە نزیکەوە دیارن، لە وەرزی هاوینیشدا ئێکسسوارەکان زیاتر دەردەکەون، چونکە جلوبەرگی ئەو وەرزە تەنك و کورتن، وا بکە بازنەکانی دەستت بە بریقە بـــن، تا لەگەڵ هەر تیشـــکێك بریقەکانی ببێتە جێی ســـەرنجی چاوی کەسانی دەوروبەرت. بازنی شووشە و کریســـتاڵ هەن، ئەوانەی حەزیان بە ئێکســـواری گرانبەهایە، دەتوانن کریستاڵەکان هەڵبژێرن، ئەوانەشی ئێکسسواری ســـادەیان دەوێ، دەتوانن بازنی شووشە لە دەســـت بکەن، هەردووکیان، جوان و سەنجڕاکێشن، کاتێك لە دەســـتت دەبن، ئینجا دەزانی چەندە جوان و پڕ بایەخن.









# چ تەسریحەیەکی پرچ بۆ وەرزی هاوین شیاوە؟

هاوینان لە هەموو وەرزەکان زیاتر دەبێ بایەخ بە سەر و پرچت بدەیت، چونکە لەم وەرزەدا پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە و کاریگەریی بۆ سەر هەموو بەشێکی جوانی و جوانکاری دەبێت، وێڕای ئەوەش هەر وەرزێك دەبێ بە شێوازێك پرچت چاك بکەیت و دایبهێنی، تا لە گرفتەکانی هەڵوەرین و تێکەڵ بوون بە دوور بێت. پرچت هێمای جوانیتە، کاتێك وەك کانیاو بەسەر شانەکانت دێنە خوارەوە جوانترت دەکەن، ئەو کاتە هەر خۆت شۆخی لە نێو کچان و خانماندا، وەك وەرزەکانی پێشوو، بتوانە لە هاوینیشدا شێوازە تەسریحەیەکی نایاب لە جوانیدا بۆ پرچت هەڵبژێرە و تا هاوین دەڕوات بە چەشنێك پرچت ڕێکبخە، کە نەبێتە هۆی تێکدانی شێوازی بنچینەیی پرچت. پسپۆڕان دەڵێن: چاکترە لە هاویندا، زۆربەی کات پرچت کراوە بێت، چونکە ئەگەر بەسترابێت، لە ڕەگ و تەڵەمووەکانیش ئارەقە دەکەن، بۆیە هەوڵبدە زۆربەی کات لە شێوازەکانی کلکە ئەسپ و تەڵ تەڵ و شێوەی کێك دوور بکەویتەوە و پرچت با هەر خاو بێت، ئەگەر توانیت با بۆ کاتی دەوام و کارکردنیش خاو بێت، تا لەو وەرزەدا پرچت پشوویەك بدات و بە شێوازی خاویش بێت، زیاتر سەرنجڕاکێش و جوان دەبێت.

## سەرتاشین بە ئاگر!

هەردەم زانیومانە سەرتاشین بە مەقەست و شانە بێت، یان بە ماکینەی کارەبایی و دەستی بۆ کاری سەرتاشین بەکاربهێندرێت، بەڵام وادیارە ئەو پیاوە ئەمریکییە بڕوای بەو کەرەستانە نییە و داهێنانێکی تازەی کردووە لە بواری سەرتاشین. (وارین لیویس) ئەو پیاوە ئەمریکییەیە لە ویلایەتی مەمفیسی ئەمریکی دەژی، لە پێشوودا بیری لەوە کردبۆوە چۆن لە مەقەست و شانە ڕزگاری ببێت، هەر بۆیە بیری بۆ ئاگر چوو، تا چۆن بتوانێ سوود لە ئاگر وەربگرێ بۆ کاری سەرتاشین، ئەوە بوو دوای چەندین تاقیکردنەوە بە ئاگر، ئێستا سەری خەڵك دەتاشێ (دەسووتێنێت) هەر بە ئاگر، بەبێ ئەوەی مەقەستێك بەکاربهێنێت و سەری خەڵکیش بە جوانترین شێواز چاك دەکات.

## بووک و زاوای ڕۆبۆت !



لەلات سەیر نەبێ ئەگەر ڕۆژێك کارتێکی داوەتنامەت بۆ هاتبوو، تیایدا نووسرابوو، بەڕێزتان بانگێهشت کراون بۆ ئاهەنگی بووك و زاوای ڕۆبۆتەکانم! چونکە ئەو دیاردەیەش پەیدا بوو، وێڕای ئەوەی سالآنێکە هاوسەرگیری لە سەراپای وڵاتانی جیهان کەمی کردووە، کەچی لە وڵاتی ژاپۆن هاوسەرگیریی نێوان ڕۆبۆتەکانیش پەیدا بوو. کۆمپانیای (مایوا دینکی) تایبەت بە دروستکردنی




## کرێکاری کورد زۆر بەهێزن!

دەگوترێ لە رووی جەستە و پێکهاتەی لەش و لارەوە، مرۆڤی کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەهێزتر و خۆڕاگرترن، بەتایبەت ئەوانەی دەچنە وڵاتانی دەرەوە زۆر کاری قورس دەکەن و ئەوەش بۆتە هۆی سەرسوڕمانی خەڵکی لە تاکی کورد، ئەوەتا لە کوردستانیش، کرێکار و ئەوانەی زیاتر کاری بیناسازی دەکەن، بە بەهێزترین شێوە کارەکانیان رادەپەڕێنن.

(وەستا ستار بڵباس) کە وەستای خانوو دروستکردنە دەڵێت: «کەسی وامان لەگەڵ بووە کە تەنیا بە پشتی ٦ تا ٧ بلۆکی هەڵگرتووە، هەر بلۆکێکیش (٢٥) کیلۆ






ڕۆبۆتـــەكان، دوای ئەوەی دوو ڕۆبۆتـــی كچ و كوڕێكی دروســـتكرد و ئەو دوو ڕۆبۆتە هەردەم لەگەڵ یەكتر كاریان دەكرد، لە بڕیارێكی ســـەیری ئەو كۆمپانییەدا، هەڵســـان بە هاوســـەرگیریی نێوان ئەو دوو ڕۆبۆتە، تا بە یەكجاری لەگەڵ یەكتر بن و پێكەوە كار بكەن، ئەو دوو ڕۆبۆتە ناویان (یۆكێرن و فرۆیس)ـە و لە زەماوەندێكی خۆش و تایبەتدا، كە هاوشـــێوەی ئاهەنگی هاوسەرگیریی مرۆڤ بوو، بوون بە بووك و زاوا.

دەبێت، بەبێ ئەوەی كار بكاتە ســـەر تەندروســـتیی، لە كاتێكدا خەڵكی بیانی ئەو كارانەیان پێناكرێت»، وتیشی: «بەهۆی كرێكاری بیانییەوە ئێستا كرێكاری خۆمان كەم كار دەكەن».

یەكێك لـــە وێنەكان كرێكارێكی كوردە كە بە تەنیا (٩) بلۆكی لە ســـەر پشـــتی داناوە، واتە بـــە جارێك (٢٢٥) كیلـــۆی بەرز كردۆتـــەوە، ئەگەرچـــی هەڵگرتنی بلۆك ناخۆش و ئەستەمە، وێڕای ئەوەش ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا ئێـــوارە كار دەكەن، هەندێ جاریش بە ڕۆژێك دەبێت زیاتر لە (١٠٠٠) بلۆك لێبدەن.

# سەماكردن لەسەر دار و بار

سەماكردن، هونەرێكی بە جۆش و خۆشە لەلای زۆربەی نەتەوەكانی جیهان، هەر نەتەوەیەك بە جۆرە ســـەمایەكی خۆی بەناوبانگە، هەر ســـەمایەك مانا و گوزارشـــت لە بیرۆكەیـــەك دەكات، زۆر جاریش ســـەیرترین و جوانترین ســـەمایان داهێناوە. هەروەك دەزانین ســـەما لە شوێنێكی تایبـــەت و هۆڵدا دەكرێت، كەچـــی كۆمەڵەیەك بە ناوی (ئیرۆیســـا) كە كۆمەڵە قوتابییەكی ســـەما و دانســـی زانكـــۆی كۆڵۆمبیا ـــن لـــە وڵاتی كەنـــەدا، توانییان نمایشێكی سەماكردنی سەر دار و بار ئەنجام بدەن، دوای خۆئامادەكردن بۆ ئەو نمایشـــە و داوەتكردنی خەڵكێكی زۆر، لە دارســـتانی ڤانكۆڤەری وڵاتی كەنەدا، سەیرترین نمایشی سەمایان بە سەر لق و پۆكی دار و بارەكانی ئەو دارســـتانەدا ئەنجام دا، گرووپەكە لە (٢٥) كەس پێكدێن و ناوی نمایشـــی ســـەماكەش (هاوەڵانی ژیان) بوو، كە مانای ئەوەیە با دار و بار و سرووشـــتیش لە جوانی سەما بێبەش نەبن و ببینن سەما كردن هەستێكی جوانە.



## گرانبەهاترین کێک!



ئەگەر نرخی ئەو کێکە بزانیت، هەرگیز گازێکیشــی لێنادەیت و نایخۆیــت، چونکــە ئەوەندە گرانبەهایە و تەنیا هەر ســەیری بکەیت دڵت ئاڵوودە دەبێ، کۆمپانیایەکی شــیرنەمەنی بەریتانی گرانترین کێکی دروست کرد، گرانترین لە نرخدا، نەوەك لە کێشدا! لە شــاری لیڤەرپوولی بەریتانیا، لەســەر داوای بووك و زاوایەك گرانترین کێکیان داوا کرد بۆ ئاهەنگی هاوســەریان، گرانی ئەو کێکە لەوەدایە کە لە (٨) پارچە کێکی لەسەر یەك دروست کراوە، بڕی (٤) هەزار پارچەی ئەڵماســی لەسەر دانراوە بۆ جوانی، کە نرخەکەی بە کێکەوە دەگاتە (٥٣) ملیۆن دۆلار.

## پەند و وتە




- چارلز دیکنز لە بارەی مرۆڤــی بە ســوود و بێ سوود دەڵێت:

ناکرێــت بڵێیــن، هیچ مرۆڤێك بێ سوود نییە، تا ئەو کاتەی کەسێك بتوانێ یارمەتیی کەســێکی دیکە بــدات و هــاوکاری بێت و ئەرکەکانــی کــەم بکاتەوە بەســوودە، بــەڵام ئەگەر پێچەوانە بوو، ئەو کەســە بێ سوودە و پێویست ناکات لە ژیاندا هەبێت.

## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە !









### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بڕیاری خێرا دەبێتە هۆی پەشیمان بوونەوە، بۆیە تا دەتوانی سەرەتا بیر لە کارەکەت بکەوە و دواتر بڕیار بدە. ئەو گرفتەش کە ئێستا تووشت بووە، ئەنجامی بڕیاری خێرات بووە. هەستت ناسکە و ناکرێ کەسانێك بە دڵی خۆیان یاری پێبکەن، بیرکردنەوەت بۆ ژیان گۆڕاوە و دەبێ ژیرانە ڕەفتار بکەیت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکە کێشەکانت ڕوویان لە زیادبوون کردووە، چاکترە داوای یارمەتی لە نزیکترین کەست بکەیت تا بۆت چارەسەر بکات. ئامانجێك ماوەیەکی زۆرە لە دڵتە و بەم زووانە بۆت دێتەدی. کەسێکی نزیکت دوای ئەوەی داوای هاوکاریشت لێ کردووە، نایەوێت یارمەتیت بدات، تۆش فەرامۆشی بکە.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسێکی کراوەی لە ڕەفتاردا. یارمەتیدانت بۆ کەسانی دیکەش بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە، ڕەنگە هەندێ جار پاداشتەکەی نەزانیت، بەڵام لە داهاتوو بۆت دەردەکەوێت، کەسێکی شیاو لە دڵتە و هەوڵی خۆتی بۆ بدە، ئەگەرچی ئەویش ئاگادار نییە، چاکترە گوزارشت لە هەستەکانت بکەیت و ئاگاداری بکەیتەوە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و چارەسەریش تەنیا گەشبینییە. ئەگەر کارێکت سەرکەوتوو نەبوو، نابێ دەستبەرداری بیت، پێویستە بۆ دواجار هەوڵی بۆ بدەیتەوە، لەگەڵ کەسێکی نزیکت بۆتە کێشە و ناخۆشیتان، ئەوەش بەهۆی تێنەگەیشتنی ئەو کەسەیە و هەوڵبدە بۆی شی بکەیتەوە. .




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کارەکانت بەرەو باشتر ڕێگەیان گرتووە، ئەو خاڵانە دەستنیشان بکە کە ژیانت بەرەو ناخۆشی دەبەن، بە تایبەت کێشە و گرفتەکانت کە ماوەیەکە بەرۆکت بەرنادەن، هەر کارێك دەکەیت، سەرەتا بیری لێ بکەوە و باشتریشە ئەگەر ڕاوێژ بە کەسێکی دیکە بکەیت تا لە ئەنجامەکەی سەرکەوتوو بیت.




### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەوەندە متمانە بە کەسانی دیکە مەکە، چونکە متمانەی زۆر کێشەت بۆت دروست دەکات. وەك ئەو کێشەی پێشووت کە بووە هۆی دوور کەوتنەوەت لە کەسێکی نزیکت، پێویستیت بە داهاتوویەکی گەش هەیە، بۆیە بە جوانی بەرنامەی ژیانت دابنێ و ژیرانە بڕیار بدە و ئاواتەکانت فەرامۆش مەکە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێستا خەریکی بڕیارێکی گرنگی لە ژیانتدا، چاکترە بە جوانی بیری لێ بکەیتەوە و پاشان جێبەجێی بکە، کەسێکی نزیکت هەست بە کێشەکانت دەکات، کەچی نایەوێ بێتە ناو کارەکانت، ڕێگەی بدە تا بتوانی بەسەر گرفتەکانتاندا زاڵ بیت، وێڕای ئەوەی لە کارەکانت سەرکەوتوویت، بەڵام کێشەت هەر دەبێ.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کاتێك بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە، نابێت بە ڕەشبینی لێی بڕوانی، ڕێگە لەو کەسانەش مەگرە کە دەیانەوێ یارمەتیت بدەن، چونکە چاکە و باشی تۆیان دەوێ، خەریکە لە کێشەیەکدا زۆر شتت لە دەست بدەیت. گەشبین بە بۆ داهاتووت و هەوڵبدە بۆ چارەسەری کێشەکانت ژیرانە بڕیار بدەیت.






## یاری پیت


هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:

| | | |
|---|---|---|
| د | ا | ن |
| ا | ر | ز |

ئاسانکاری :
ناوی گۆرانیبێژێکی کوردە

## ئۆتۆمبێلە سەمەرەکان!


جیهانی ئۆتۆمبێل و ماشێن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشتر دەچێ و بۆ هەمیشە لە داهێنان ناوەستن، بەتایبەت بەرهەمە تازەکان کە جێگەی سەرنجی مرۆڤن و زۆربەشمان لە پێشکەوتنەکانی ئەو ماشێنانە سەرمەست دەبین، جگە لە پێشکەوتنی ئەو لایەنە، چەندین شێوە و دیزاینی جۆراوجۆری ئۆتۆمبێل دەبینین، لەولاشەوە سەیرترین و سەمەرەترین ئۆتۆمبێل دروست دەکرێن، کۆمپانیایەکی چینی، کۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی سەیر و سەمەرەی دروست کردووە، کە لە شێوەدا لە ئۆتۆمبێل ناچن، هەموو ئەوانەش بۆ گاڵتەجاڕی دروست کراون، کە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو ئۆتۆمبێلە پێشکەوتووانە دروست دەکەن، وڵاتی چینیش ئەو ئۆتۆمبێلە هەزەلییانە دروست دەکات.



## بۆ زانیاریت


**- شێوازی فڕینی باڵندەکان -**

هەندێ جار لە ئاسمانەوە دەبینین کە پۆلێك باڵندەی جۆراوجۆر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکەن، یان هەندێکیان بە یەکەوەن دەفڕن، زۆر جار دەبینین شێوەی فڕینی باڵندەکان لە شێوەی ژمارە (٧) حەوت دەبێت، دوای زنجیریەك لێکۆڵینەوە لەم حاڵەتە، کە دواجار لەلایەن لێکۆڵێرەوانی زانکۆی لەندەن ئاماژەی پێکرا، کە بەم جۆرە ئەو حاڵەتەیان شیکردەوە: دوو بۆچوون هەن بۆ شیکردنەوەی شێوازی فڕینی باڵندە، کە یەکەمیان چۆن لە نێو مرۆڤدا گەورە و بچووکی هەن، بەم جۆرە لە نێو باڵندەکان گەورەیان هەیە و لە هەر فڕینێك ڕێبەری و پێشڕەویان دەکات، بۆیە لە پێشەوە دەڕوات، چونکە شارەزای ڕێگاکەیە، بۆچوونی دووەمیش لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی دینامیکی هەوا و پاڵەپەستۆیە، کە باڵندەکان زیرەکانە ڕووبەڕووی بەهێزی هەوا دەبنەوە و ئەوانەی بەهێزن لە پێشەوەی پۆلەکەدا دەفڕن کە پاڵەپەستۆی هەوا زۆرە، ئەوانەشی نەخۆش و بێ هێزن لە دواوەی پۆلەکەدا دەفڕن.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

نیازێکی چەند ساڵەت لە دڵە، ئێستا کاتی هاتووە کە جێبەجێی بکەیت، بەتایبەت کە ئەگەر کەسی بەرامبەر هەست بەو نیازەت بکات و بەیەکەوە ئەنجامی بدەن، یارمەتی ئەو کەسەت دا، کارێکی چاکت کرد و لە داهاتوودا ئەنجامی باشی بۆت دەبێت، لە رابردووت پەشیمان مەبە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بێزاریت پێوە دیارە و دەبێ لە مانای دووبارەبوونەوەی کێشەکانت بگەیت، چونکە ماوەیەکە کۆمەڵێك کێشەت بۆت دروست بوون، هەر هەنگاوێك جێبەجێی دەکەیت، پێشبینی ئەنجامەکانیشی بکە، کەسێکی شیاو و سەرکەتووی لە کارەکانت. تا دەتوانی خۆت لە کێشەی کەسانی دیکەوە بە دوور بگرە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ناکرێ بە ئاسانی کەسانی نزیکت فەرامۆش بکەیت، هەوڵی یارمەتیدانی کەسانی دیکە بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە، ئەو کەسەی دەیەوێ لێت نزیك بێت، شیاوی ئەوەیە ڕێگەی بدەیت و تۆش کەسێکی کارامە و بەهرەداری، هەوڵبدە کێشەکانت زووتر چارەسەریان بۆ بدۆزیتەوە، بڕیارەکانیشت بە پەلە مەدە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ماوەیەکە بە ڕەشبینی دەڕوانیتە ژیان، بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا کۆمەڵێك کێشە و گرفتت بۆ دروست بوون، پێویست ناکات خەمیان لێ بخۆیت و چاکترە چارەسەریان بۆ دابنێیت، ئاگاداری وتەکانت بە، بەتایبەت کاتێك بەرامبەر کەسانی نزیکت قسەدەکەیت، بۆ ئەوەی خەمباریان نەکەی، هەوڵبدە کەسێکی هێمنتر بیت.